# جیرارد:

# بەهەمان ئاستی یارییەکانی پاڵاوتن بەشداری لە مۆندیال دەکەین



**یاریزان ستیڤان جیرارد یەکێکە لە نەوە زێڕینەکانی نوێی تۆپی پێی ئینگلتەرە هاوشانی یاریزانان لامپارد و تیری و بێکهامە، جەماوەر بەخۆشحاڵییەوە سەیری ئەم نەوەیە دەکات کە لە ریزی هەڵبژاردەی ئینگلتەران هیوای ئەوەش دەخوازن کە دەستکەوتەکانی ساڵی ١٩٦٦ دووبارە بکەنەوە، جیرارد ماوەی چەند ساڵێکە ئاستێکی بەرز لە یانەی لیڤەرپوول نیشان دەدات و تەمەنی ٢٩ بەهارە و توانیویەتی جامی یەکێتی ئینگلتەرە و خولی یانەکانی ئەوروپا و جامی ئەوروپا بەرزبکاتەوە، جیرارد لە پاڵاوتنی مۆندیالی ٢٠١٠ ئاستێکی بەرزی نیشاندا و هیوادارە ئەم ئاستەش لە مۆندیال نیشان بدەن، کە لە وڵاتی ماندێلا ساز دەدرێ.**

*** جەماوەر تا ئێستا ئەو رۆژەی لەبیرە، کە لە کۆتاییەکانی یۆرۆی ٢٠٠٦تۆ لێدانی پەناڵتیت بەرامبەر پورتوگال لە دەستدا و ئینگلتەرە لەم یارییە دۆڕا، دەکرێ بزانین چی لەم تاقیکردنەوەیە فێربوویت؟**

- کەمن ئەو پەناڵتیەم لە دەستدا دەبێ لەمەو دوا بیرو هەستم زیاتر بەکار بهێنم بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە و پێش لێدانی تۆپ و هەوڵ دەدەم لەم بوارە خۆم زیاتر رێکبخەم و متمانەشم بەخۆم هەیە، کە هاتوو تووشی هەمان سیناریۆ هاتین و ساڵی ٢٠٠٦ بەپەلە رۆیشت و دەبوایە لە کاتی لێدانەکە زیاتر بیرو هەستم لای ئەو کارە بوایە.

*** بیر لەچی دەکەیتەوە لە کاتی لێدانی پەناڵتی؟**

- پاڵەپەستۆیەکی زۆرم لەسەر دەبێت دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و بەسەریدا زاڵ بین و لە ساڵی ٢٠٠٦ سەرکەوتوو نەبووم، لێدانی پەناڵتی شتێکی ئاسایی نییە، لە نێو یاری گەر پەناڵتیت لە دەستدا دەتوانی بە شێوازێکی دیکە تۆڵەی بکەینەوە، بەڵام ئەگەر لە کاتی یەکلاکەرەوە بێت ئەوە دەبێتە کارەسات.

*** یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیالی باشووری ئەفریقیای ٢٠١٠ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لەو هەموو یارییە دەتوانم بڵێم ئاستێکی بەرز و باشمان نیشاندا و هەر لە سەرەتاوە بە پلانێکی تۆکمە دەستمان پێکرد، زۆر بەزەحمەت تووشی دۆڕاندن دەهاتین و بە هاوکاری هەموو لایەك توانیمان سەرکەوین، ئێستا بەهەمان هێز بەردەوامین و ڕێگاش لەبەردەممان درێژە.

*** بەرای تۆ ئاستی کابیلۆ چۆن دەبێت، ئەمە یەکەمین بەشدارییەتی لە مۆندیال؟**

- دەتوانێ شتی زیاتر پێشکەش بکات و گومانیش لەوەدانییەو گەر سەیری ئەرشیفی ئەم ڕاهێنەرە بکەین پڕیەتی لە نازناو و دەستکەوتی گەورە و شارەزاییەکی تەواوی هەیە لە چاندنی گیانی برایەتی و خۆشی و سەرکەوتن لە دڵی یاریزانان بەهیوای ئەوەین درێژە بە سەرکەوتنەکانی بدات و ببێتە تەواوکەری پاڵاوتن.

*** ئەرکی تۆ لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە چییە و ڕاهێنەر کابیلۆ چیت لێ داوا دەکات؟**

- داوام لێدەکات بە سەربەستی یاری بکەم ئەوەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ من، کە بتوانم ئەوەی لە توانامە پێشکەشی بکەم ڕاستە من بە بەردەوام لەلای چەپ دەرباز دەبم و حەزی لێدەکەم، بەڵام کابیلۆ دەڵێ بەهەمان شێواز دەبێ لە هەموو شوێنێك یاری بکەیت، کە ئەمەش وا دەکات هێڵی بەرگری ڕکابەرمان بشڵەژێنین، کەلێنی لێدروست بکەین.

*** جەماوەر هەموو ئاواتیان لەسەر ئەو نەوەیە یە، کە نوێنەرایەتی ئینگلتەرە دەکات لە مۆندیالی ٢٠١٠، ئەمەش نابێتە سەنگێك لەسەرتان؟**

- ئەگەر بمانەوێ پارێزگاری لە ڕەنگەکانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بکەین دەبێ پابەندبین بە داواکارییەکانی جەماوەر و دەبێ بە دڵێکی وەرزشی سەنگی جەماوەر قەبووڵ بکەین، کە پێوەری سەرکییە لە سەرکەوتنەکانمان و مێژوویەکی دیکە تۆمار بکەین و ساڵی ١٩٦٦ دووبارە بکەینەوە.

*** هەندێك لە چاودێران دەڵێن تیرۆپشکی مۆندیالی ٢٠١٠ هەڵبژاردەی ئینگلتەرەی خستۆتە کۆمەڵەیەکی ئاسان، چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

- من خۆشحاڵم بە ئەنجامی ئەم تیروپشکە و متمانەشمان بە بەهێزی خۆمان هەیە، کە بگەینە قۆناغی دووەم و سەرەڕای ئەوەش دەبێت ڕێز لە ئاستی ڕکابەرەکانمان بگرین، چونکە ئەو تیپە گەیشتۆتە مۆندیال دیارە ئاستی بەرزە هەڵبژاردەکانی جەزائیر و سلۆڤینیا و ئەمەریکا لە کۆمەڵەی ئێمەن بەهیوای ئەوەن لێمان ببنەوە ئێمە باش ئەو ڕاستیە دەزانین، کە یارییان لەگەڵ ئێمە یاری مان و نەمانە و دەبێ ئێمە لە لووتکەی ئاست بەرزی دابین.




*** ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە سەیری مۆندیالەکان بکەین، حەز دەکەین وەکو چ یاریزانێك بێت لە یاریکردن و بە ئاستی چ یاریزانێك سەرسامیت؟**

- زینەدین زیدان کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و ماوەیەکی زۆرە پێی سەرسامم ئەگەر هاتوو سەیری جووڵانەوەی ئەم یاریزانە بکەیت لە نێو یاریگا هەموو ڕاستییەکی یاریزانی ئاست بەرزت بۆ دەردەکەوێ، لەسەر ئاستی ئینگلتەرەش یاریزان پۆل گاسکۆین وەك ڕکابەر بە ئاستی سەرسامم.






بەرپرسی فایلی وەرزشی گوڵان لەکاتی وەرگرتنی خەڵات

# ئایا خەڵاتکردنی رۆژنامەنووسانی وەرزش

**بە بۆنەی ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا، کە یەکەم رۆژنامەی کوردی بەرلە١١٢ ساڵ پێش ئێستا بە ناوی کوردستان دەرچوو، لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان لقی هەولێر بە هەماهەنگی کۆمپانیای کۆرەك تیلکۆم هەفتەی رابردوو کۆمەڵەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی شاری هەولێر و کەناڵە عەرەبییەکانی نێو شاری هەولێری خەڵات کرد، لە مەراسیمێکی شایستەدا، لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان زیاتر لە ٧٠ رۆژنامەنووسی وەرزشی و پەیامنێر و سایتەکان و رۆژنامەنووسە دێرینەکانی خەڵات کرد، لە هەنگاوێکی گرنگدا، کە دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ پێشخستنی بواری رۆژنامەگەری وەرزشی لە شاری هەولێردا، لە هەمان کاتدا لە هەنگاوێکی پیرۆزدا لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی سێ رۆژنامەنووسی وەرزشی ئافرەتی خەڵاتکرد ئەمەش دەبێت پاڵپشتێك بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا بتوانن بێنە نێو بوارەکە، بەڵام چەند پرسیارێك هەیە پێویستی بە وەڵام هەیە، ئایا ئەم هەنگاوە دەبێتە مەراسیمێکی ساڵانە بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ رۆژنامەنووسانی وەرزشی، ئایا لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان چی لە هەگبدایە بۆ پێخستنی بواری رۆژنامەگەری وەرزشی کوردی لەگەڵ چەندین پرسیاری تردا، کە لەم راپۆرتەی خوارەوە وەڵامی دەدرێتەوە.**

سەرەتا فەرهاد ئەکرەم ئەندامی لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان وتی: گەڵاڵەکردنی ئەم بیرۆکەیە دوای چەند کۆبوونەوەیەکی یەك لە دوای یەکی لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان بڕیارەماندا کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی خەڵات بکەین بە هاوکاری و هەماهەنگی کۆمپانیای کۆڕەك تیلیکۆم بێ، لە هەر مەراسیمێکدا کەم و کورتی روودەدات، بەڵام دەبێ لە داهاتوو چارەسەریان بکەین.

لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان لیژنەی هەموو رۆژنامەنووسانە بە بێ جیاوازی و چەندین پرۆژەی گرنگ پەنا بەخوا لە داهاتوودا جێبەجێ دەکەین،وەکو سەفەرکردنی شاندی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات لە مانگی داهاتوو و کردنەوەی چەندین خول بۆ پرۆفیشناڵکردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان چەندین پرۆژەی تر، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا جێبەجێ دەکەین، بەڵام گرفتێکی زۆر گەورە هەیە ئەویش هەندێك لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان بایەخ بەم لیژنەیە نادەن و هەردەم هەوڵ دەدەن گرفتیان بۆ دروست بکەن، تاوەکو ئەم لیژنەیە سەرکەوتوو نەبێت لە کارەکانی ئەمەش گرفتێکی




پەیامنێری وەرزشی گوڵان لەکاتی وەرگرتنی خەڵات



# ...ی دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی ئەزموونیان؟

گەورەیـــە هەوڵ دەدەین بـــە زووترین کات چارەســـەری بکەین، چونکە ئەم لیژنەیە ماڵی هەموو ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستانە.

هـــەوڵ دەدین ئـــەم پرۆژەیـــە ببێتە دیاردێکـــی ســـاڵانە هەرچەندە ئەمە کارێکی قورســـە تەنیا بـــە لیژنەی ڕۆژنامەنووســـان ناکرێـــت دەبێت لە هەموو لایەنێکەوە هاوکاری بکرێت.

دواتر کارۆخ لەتیف ڕۆژنامەنووســـی وەرزشـــی وتی:هەڵبەتـــە ڕێزلێنان لە هەر ڕۆژنامەنوسێك دەبێتە هۆکارێك بۆ پێخســـتنی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی و ئاستی ڕاگەیاند زیاتر پێش بکەوێت، بە بۆچوونی خۆم باشترە ئەم دیاردەیـــە ببێتە ســـاڵانە تاوەکو ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی لاوەکان زیاتر بێنە نێو بـــواری ڕۆژنامەگـــەری کوردی و گرنگ نییەهەموو ســـاڵێ هەمان ڕۆژنامەنـــووس خەڵات بکرێت، بەڵکو ئەو ڕۆژنامەنووســـانە خەڵات بکرێت، کە تازە هاتونەتەنێو بوارەکە.

وەکو ڕۆژنامەنووســـێك پێشـــنیارێك دەخەمـــە بـــەردەم کۆمپانیای کۆرك تیلیکۆم ئەویش دەســـت نیشان کردنی دوو تا ســـێ ڕۆژنامەنووسی چالاك لـــە بوارەکەدا بۆ ئـــەوەی لە خولێکی ڕۆژنامەنووسی لە دەرەوەی کوردستان بەشداری بکەن بۆ پێشخستنی ئاستی ئەم ڕۆژنامەنووسانە.

پاشـــان عیماد قادر ڕۆژنامەنووســـی دێرینی شـــاری هەولێـــر وتی: ئەمە هەنگاوێکـــی زۆر پیرۆز بوو هیوادارم لە دوا ڕۆژیش بەردەوام بێت بۆ ئەوەی ببێتـــە هاندەرێك بۆ ڕۆژنامەنووســـان تاوەکو ئاســـتیان زیاتر پێش بکەوێت، پێشـــنیار دەکەم لە ســـاڵانی داهاتوو چەند ڕۆژنامەنوسێکی چالاك و لاو بۆ دەرەوەی کوردســـتان بنێرن تاوەکو ئاســـتیان پێش بکەوێت و بەشـــداری لە چەند خولێکی پرۆفشـــیناڵکردنی ڕۆژنامەنووســـان بکەن و سوودی لێ وەربگرن.

لـــە کۆتاییدا کچە ڕۆژنامەنووســـی وەرزشی تریفە ئازاد وتی: دەستخۆشی لە لیژنەی ڕۆژنامەنوسانی وەرزشی کوردســـتان دەکـــەم بۆ ئەم دەســـت پێشخەریە، کە دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی هیوادارم لە داهاتوودا ئەم جۆرە ڕێزلێنانە دووبارە ببێتـــەوە و زیاتر بایەخی پێ بدرێت و کاری باشتریش ئەنجام بدرێت، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە خەڵاتکردنی سێ ئافرەتی ڕۆژنامەنووســـی وەرزشـــی کوردستانە و داوا لە سەرجەم ئافرەتان دەکەم زیاتر بێنـــە نێو ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی لـــە بواری وەرزش، کە ئەم لایەنە بە تەواوی بایەخی پێ نادرێت، چونکـــە وەرزش گۆڕەپانێکـــی زۆر فراوانە دەتواندرێ کاری تێدا بکرێت.

ڕێبین ڕەمزی



# هەولێرچۆن بوو بەپاڵەوانی یانەکانی کوردستان؟

یانەی وەرزشـــی هەولێر لە تۆپی پێ، ئەمســـاڵ جیا لە ساڵانی تر، بە کۆمەڵێك یاریزانانی لاوەوە توانی لەم وەرزەدا بە ئاستێکی بەرز دەربکەوێت .لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە ئاستی یانەکان تارادەیەك لەیەکتری نزیك بوو،بەڵام یانەی هەولێر بە پشتگیری دەستەی کارگێڕی و یاریزانانی یانەکە توانیان ئەمساڵ، ئەم نازناوە بەدەست بهێنن .ئێمە بۆ ئەم مەبەستە یاریزانان و راهێنەری یانەی هەولێرمان دواند ئەوانیش بۆچوونی جیاجیایان هەبوو.

**ســـەرەتا (ســـەمیربابۆ) ڕاهێنەری یانەی هەولێر لە بارەی بەدەســـتهێنانی جامەکە گوتی** " بەڕاســـتی خولی نایابی کوردستان ئەمساڵ جیا لە ساڵانی تر ئاستی خولەکە زۆر بەهێزبوو، یانەکانیش هەموویان ئاســـتیان لێکتری نزیك بوو.بەڵام ئێمە وەکو یانەی هەولێر لەسەرەتای خولەکە هەندێك کێشەمان هەبوو، خۆی دەبێت نەفەس درێژبیت لە خولێکی دووورودرێژ کەوا ١٤یانە بەشداری تێدا کردبێت. توانیمان بەسەر کێشەکانیشمان زاڵ بین هەر زوو چارەسەری تەواوی بۆ بدۆزینەوە،لە هەمان کاتیشـــدا توانیمان شێوازی یاری کردنیشمان بگۆڕین. دەتوانم بڵێم مولتەزمینترین تیپ بووین کەوا بەردەوام ٢٥یاریزانمان لەمەشقەکان ئامادەدەبوون،ئەوەش رۆلێکی گرنگی هەبوو بەســـەر یاریزانانـــی یانەکەمان کەوا رۆژانـــە ئەو ڕێژە زۆرە یاریزانە ئامادەبن، من زیاتریش پشـــتم بە یاریزانانی لاوی یانەکەمان بەســـتووە، پارســـاڵیش کاتێ من راهێنەربـــووم، ١٠یاریزانم لە تیپی لاوان سەرخســـت و سوودی زۆریشـــم لێیان بینی بە هەوڵی دەستەی کارگێڕی وسەرۆکی یانە و تەواوی یاریزانان توانیمان ئەم جامە بەدەســـت بهێنین،هیواداریشم ساڵ بە ساڵ ئاستمان بەرەوپێش بچێت.

**کاپتنـــی یانەکەش (عیماد ئەســـعەد) لـــە بارەی بەدەســـت هێنانـــی ئـــەم نازناوە گوتـــی** "ئێمە ئەم وەرزە بەشـــێوازێکی زۆرجیا لە خولەکە بەشداربووین هەرچەندە سەرەتای دەستپێکردنی خولەکەش ئاستمان باش نەبوو،بەڵام راهێنەری یانەکە کاپتن سەمیر هەر زوو توانی چارەسەرێکی گونجاو بۆ بۆئەم گرفتانە بدۆزێتـــەوە یانەکەش بگەڕێنێتـــەوە دۆخی جارانی خۆی، ئێمەش هەمووومان بەیەك دڵ و بەیەك جەستە توانیمان لە تەواوی یارییەکانمان ئاستێکی شایستە پێشکەش بکەین .توانیشـــمان لە کۆتایی بەرهەمی ئەمســـاڵمان بەدڵی یانەکە وهاندەرانـــی یانەکەمان بین،هەموو هەوڵێکیشـــمان بۆئەوە دەبێت لە ساڵانی داهاتوو ئاستی باشتر پێشکەش بکەین وپارێزگاری لەم نازناوە بکەین .

**(سەرمەند عەزیز) هێرشـــبەری یانەکەش لە بارەی بەدەست هێنانی نازناوی ئەم وەرزە گوتی** "خولێکی زۆربەهێزو پێشـــکەوتوتر بوو، هەروەها لەساڵانی تر کەموکـــوڕی کەمتربـــوو ململانێی نێـــوان یانەکان زۆربەهێزبوو،وەکـــو بینیمان لـــەرووی بەرێوەچوونی یارییەکان لەکات و ســـاتی خۆیدا جێگای دڵخۆشی بوو،دەستخۆشـــی لەیەکیتی تۆپی پێی کوردســـتان دەکەم. لەڕاستیدا ئێمە سەرەتای خولەکە ئەنجاممان باش نەبوو هەندێك هۆکار هەبوو، وەکو یاری کردنی یاریزانە لاوەکان کەیاریزانی باشـــن بەڵام ئەزموونیان نەبوو. ترســـیان هەبوو لەیاری کـــردن و،لای ئێمە وەکو یاریزانـــان کەمتەرخەمیش هەبـــوو بەڵام ئەو کەمتەرخەمیانـــەی کەهەبوون بە هۆی گەڕانەوەی یاریزانە بەئەزموونەکان و گۆڕینی پلانی یاری کردن لەلایەن ڕاهێنەرانەوە توانیمان بەسەر هەموو کێشەکاندا زاڵبین وبگەینە لووتکە،دەتوانم بڵێم بۆســـاڵێکی تر ئەرکمان زۆر زیاتر دەبێت،هەموو ئەنجام و یارییەکی خراپ بەگران لەسەرمان دەوەستی بۆیە دەبێ ساڵی داهاتوو ماندووبوونێکی زۆر بکەین. بۆئەوەی بتوانین لەسەرەتاوە خاڵێکی زۆر کۆبکەینەوە.

**(ئەحمەد شـــوکر)یاریزانی هێڵـــی بەرگری یانەی هەولێر گوتی** "ئەمســـاڵ بەدەر لەساڵانی تر خولەکە لەهەردوو لایەنـــی هونەری و بەرێوەبردنەوە خولێکی سەرکەوتوو بوو،ئەو رکابەرە بەهێزەی یانەکان خولەکەی زیاتر بەهێزکـــردوو تاموچێژێکی تایبەتی هەبوو کە دواین یاری پاڵەوانی دەستنیشانکرد،ئاماژەشی بەوە کرد کەوا ئاســـتیان لە قۆناغی یەکـــەم باش نەبوو وتی " بێگومان هەموو تیپێك تووشـــی بارودۆخی خـــراپ دەبێت. ئێمە لەســـەرەتا تووشـــی هەندێك کێشە بووین، ســـوپاس بۆخوا ماوەیەکی زۆر مابوو توانیمان کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین،هەندێك هـــۆکار هەبوو لەوانە نەبوونی پێکهاتەیەکی جێگیر، هەروەها لێکتێنەگەیشتنێك هەبوو، لەنێوان یاریزانان و ڕاهێنەر،بـــەڵام بەهەوڵـــی هەمووومـــان ئەنجامە خراپەکانمان پێچەوانە کـــردەوە بۆ ئەنجامی باش و بووینە پاڵەوان کە خەونـــی هەمووومان بوو .چونکە ئێمە وەکو راهێنەر کەیەکەم ئەزموونی بوو لە خولی نایاب و وەکـــو ئێمەش کۆمەڵـــە یاریزانەکە پێکەوە دەســـکەوتمان نەبوو بۆ یانـــەی هەولێر توانیمان ئەو خەونەمـــان بێنینە دی.،ئەمســـاڵ هەوڵماندا بووینە پاڵەوان ساڵی داهاتووش زیاتر خۆمان ماندوو دەکەین تاپارێزگاری لەم نازناوە بەنرخە بکەین.

**(رامیار ئازاد ))هێرشـــبەر وگۆڵکاری یانەکە گوتی** "ئەمســـاڵ بەهـــەر نرخێك بێت. توانیمـــان ئەم ناوە پێشکەشـــی هاندەرانی یانەکەمان بکەین، دەســـت خۆشـــیش لەتەواوی یاریزانان وڕاهێنەرو دەســـتەی کارگێـــڕی یانەکە دەکەم .کـــەوا بەیەك دڵ یاریمان کردو توانیان ئەم نازناوە بەدەســـت بهێنین وئاســـتی یانەکانیش زۆر لێك نزیك بوو .پێشبینیش دەکەم،ساڵ بەســـاڵ خولی نایابی کوردستان بەرەو پێش چوونی باشتر بەخۆیەوە ببینێ .

کارزان کانەبی

وەرزش
گوڵان
ژمارە (٧٧٨)
٢٠١٠/٤/٢٦

# لارا عەونی یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی ئاڵا

**لارا عەونی یەکێکە لە یاریزانە هەرە باشەکانی شاری هەولێر و دوا ڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانی ئەم یاریزانە دەکات، لە ماوەیەکی کورتدا توانیویەتی جێگای خۆی لە نێو یاریزانە پاڵەوانەکانی کوردستان بکاتەوە دوای ئەوەی توانی لە پاڵەوانێتی کوردستان بۆ گۆڕەپان و مەیدان لە چەندین چالاکی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، لارا عەونی لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٢ی شاری هەولێرە و قوتابی قۆناغی یەکەمی پەیمانگەی وەرزشی هەولێرە، یاریزانی راکردنی ٤٠٠م بەربەرست و هاوێشتنی رم، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بدەین.**



*** بۆچی یاری گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- هیچ زانیارییەکم لە وەرزش و یاری گۆڕەپان و مەیدان نەبوو،بەڵام کاتێك پێوەندیم بە پەیمانگەی وەرزشی هەولێر ئیتر هەر لە یەکەم ساڵەوە یاری گۆڕەپان و مەیدانم هەڵبژارد و توانیم لە ماوەیەکی کورتدا دەستکەوتی زۆر گرنگ بە دەست بهێنێم.

*** کاتێك هاتیە نێو وەرزش هیچ گرفتێکت بۆ دروست نەبوو؟**

- نەخێر، لە خودا بەزیاد بێت تووشی هیچ گرفتێك نەبووم دایك و باوکم پاڵپشتێکی زۆر باشم دەکەن و هەردەم هانم دەدەن بۆ ئەوەی ئاستم زیاتر پێش بکەوێت و دەستکەوتی باشتر بە دەست بهێنم.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان؟**

- ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان پێشکەوتووە، بەڵام هێشتا پێویستی بە پشتگیری و پاڵپشتی هەیە دەبێ پشتگیری لەم یارییە بکرێت بۆ ئەوەی یاریزانی کورد بتوانێت ئەنجامی باش لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتیەکان بە دەست بهێنێت.

*** بە ئاستی کام یاریزان سەرسامی؟**

- ئەوەی راستی بێت زۆر بە ئاستی هەردوو کچە یاریزانی کورد و شاری هەولێر بەهار خەسرۆ و گوڵستان مەحمود سەرسامم هیوادارم لە دوا رۆژدا. بگەمە ئاستیان

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان؟**

- پێشتر زۆر ڕێگر لە بەردەم ئافرەتان هەبوو و نەیان دەتوانی بە ئارەزووی خۆیان وەرزش بکەن، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە هەموو ئافرتێك دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بێتە نێو وەرزش و هەموو بوارێکیان بۆ رەخساوە، چونکە یانەکان بایەخێکی زۆر بە وەرزشی ئافرەتان دەدەن، هیوادارم ئافرەت زیاتر بێتە نێو بوارەکە بۆئەوەی ئاستی ئافرەتان پێش بکەوێت.

*** چ پێشنیارێکت هەیە بۆ دوا رۆژی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان؟**

- دەبێ بایەخ بە دروستکردنی یاریگای تایبەت بە گۆڕەپان و مەیدان بکرێت و چەند یاریگایەك دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم پاڵەوانێتیە لە کوردستان زیاتر پێش بکەوێت و هەروەها بایەخ بە یاریزانەکان بدرێت مووچەیەکی گونجاویان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی لە مەشقەکانی بەردەوام بێت و بیر لە هیچ شتێکی تر دوور لە وەرزش نەکاتەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی ڕاهێنەری یانەکەم مامۆستا ڕێبوار دەکەم و پەنا بەخوا لە چەند ساڵی داهاتوو لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق یاری بکەم و بەشداری لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوەی عێراق بکەم و ئاڵا و ناوی کوردستان لە دەرەوە بەرزبکەمەوە.



ڕێبین ڕەمزی